# کۆلاپس

ئازاد حەمە

مانگرتنی فووتابیان دیاردەیەکی بێمانا نەبوو

**پەیڤێ پێویست:**
ماوەیەکە قسە لەسەر مانگرتنی قووتابیان دەکرێ و ئەو مانگرتنەش کە گرووند فۆرمێ تایبەتی هەیە بێمانا نییە. کاتێ ئەم مانگرتنەش بوو بە دیاردە ئاوڕێ ئەوتۆی لێنەدرایەوە و مێدیای کوردیش بەهەردوو بەشەکەیەوە(حیزبی و ناحیزبی) وەك یەك بێ ئەزموون و لەپاشانە (دواکەوتوانە) ڕەفتاری لەتەك ئەو دیاردەیەدا کرد و نێوەندی ئەکادیمیش کە بەخۆی لاوازە و شایانی گشت کومانلێکردنێکە خۆی لێنەناسکرد. هۆی ئەوەش کە مێدیای کوردی بێ ئەزموون و لەپاشانە ڕەفتار لەتەك ئەم جۆرە دیاردانەدا دەکا زۆرە و لەمیانەی ئەم کورتە سەرووتارەدا هەندێکیان بەرچاودەخەین بەلام ئەوەی پێوەندی بە لاوازی نێوەندی ئەکادیمی کوردیەوە هەیە و ئەوەش کە ئەم نێوەندە شایانی گشت گومانێکە کەمترین خالی بەسەر دەکەینەوە. وەلی ئەوەی بووە بە ئامانج بۆ خودی ئەم چەند دێڕە ماناداری ئەو دیاردەیەیە بەلام ماناداری ئەم دیاردەیە ناشێ بەهادارکرێ گەر باس لەو **کۆلاپس(داڕمان) ە دوو جەمسەریە** نەکرێ کە هۆکاری گەلێ گرفت و نالەبارین. ئەم دیاردەیە کە بەخۆی بەرهەمی کێشەێ ئالۆز و بێ ئەزموونانەیە دوو کۆلاپسمان بیردەخاتەوە. **کۆلاپس(داڕمان)** ی یەکەم بریتییە لە **کۆلاپسی مێدیای کوردی** بەهەردوو بەشەکەیەوە. بۆیشە دەلێین هەردوو بەشەکەی چونکە هیچ ڕەوایەتیەك لەوەدا نابینینەوە هێلێ جیاکارە بەبێ بناغە بخرێتە نێوان مێدیای حیزبی(وابەستە,ناسەربەخۆ,حکومی, ئەنتی لیبرال) وغەیرە حیزبی (ئازاد, سەربەخۆ, ئەهلی, لیبرال)ەوە. ئەو جیاوازیەش کە ڕۆژانە لەنێوان ئەم دوو جۆرە مێدیایەدا باسدەکرێ تەنیا لە قورقوڕاگەی ئەوانەدا ئامادەیە کە پێیانوایە مێدیای کوردی تەنیا ئەو مێدیایە نییە کە دەزگا و دامەرزراوە سیاسیەکان سەرپەرشتیدەکەن. تۆ بەوە جیاوازنابی کە بنەمالەێ سیاسی بە شێوە بنەمالەێ تر بەلەجیاتیکەی یان دەستەی نووسەرانێ حیزبی بە دەستەی نووسەرانێ بێلایەنی بێئەزموون و بێ بیر بگۆڕی. تۆ بەوە جیاواز نابێ خۆت بە جیاواز ناوزەدکەی. بەلکە تۆ بەوە جیاواز دەبی کە خۆت بی و نەك ئەویتر و هەروەها لەوەشبکەوی لە بەراوردکاریدا گشت تەمەنت بەسەربەری. مێدیای کوردی کە لە نێوەندی ئەکادیمی دابڕاوە نەك هەر شوێنی ئەکادیمیکەری تیانابێتەوە بەلکو بەڕەفتاریدا دیارە گالتە بە ستاتۆسی ئەکادیمیش دەکا. ئەمە تاکە کێشەێکی ئەو ڕۆژنامانە نییە بەلکو کێشەی دیشیان هەیە کە بەرچاویترینیان ئەوەیە زۆربەی ڕۆژنامە ئەهلیەکان لەسەر بناغەی خێزان و دۆستایەتی دروستبوونە کە ناوەڕۆکی ئەم دۆستایەتیەش شارچیەتییە و جۆرە سیاسەتکردنێکیش لەو دۆستایەتیەدا پەنهانە و ,هەروەها زۆربەی سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانەکانیشی لەسەر ئەو بناغەیە پێکهاتوون کە هەلبژاردەی یەکترن و لەسەر ئەوە تەبان کە هەموو سەربەناوچەێ جوگرافی و ڕۆژشنبیرین و ئەوەش کە کۆکیاندەکاتەوە ئەوەیە کە بۆچوونیان لەیەکەوە نزدیکە و ئاستی خوێندن و ڕوناکبیریشیان دراوسێی یەکن. لەم حالەتەدا ئەوەی ئەم کەسانە تاپێیانکرێ پێشێلیدەکەن و خۆیانی لێنەناسدەکەن ئەو کەسانەیە کە بۆنی ئەکادیمی لێدێ لەلاێ ئەوانەش کە سەر بە قەبیلە و بنەمالەی ئەوان نین. هەرچی ڕۆژنامە غەیرە ئەهلیەکانە ئەوە دیارە ناوی حیزبێ یان وێنەی ڕابەرێ هەروەها دروشمێ سیاسی لە ساختمانێکدا کۆیاندەکاتەوە. هەردووش کە دوژمنی سەرسەختی ڕوناکبیریێ بوونیادنراو لەسەر تێگەیشتنی ئەکادیمین گەشە بەو ڕۆشنبیریە ئەدەبی و سیاسییە دەدەن کە پێویستی بەهیچ ئارگومێنتهێنانەوە(بەلگەهێنانەوە) و ئامانجێ دیاریکراو و ڕوون نییە لەکاتی نووسین. چونکە لەمحالەتەدا نووسین بۆ نووسینە و پێویستی بەهیچ ژێردەر و سەرچاوە و قوولبوونەوەیەك نییە لە لێکۆلینەوە.

بەلام کۆلاپسی دووەم بریتیە لە **کۆلاپسی نێوەندی ئەکادیمی**. ئەم کۆلاپسە کە بەرامبەر بە دروستبوونی ئەو مانگرتنە بەرپرسە لە بەشێ لە کۆلاپسەکانی مێدیای کوردیش دەستیهەیە. باری ئەکادیمی کوردی لە کوردستان بەجۆرە گەندەل و پاشەگەردانیەکدا دەڕوا نەك هەر ناتوانێ کۆلاپسی مێدیای کوردی چارەسەرکا بەلکو ناوی ئەکادیمیکەریشی زڕاندووە. بەدلنیایشەوە نابینای نێوەندی ئەکادیمی کوردی نەبایە ئەو هەموو مەلبەند و بنکە

کولتووری و گۆڤار و ڕۆژنامه بێبناغه و نقوومبووانه له زمانی ئەدەبی دروستنەدەبوو. ئەو نێوەند و بنکانه یان ئەو ڕۆژنامه و گۆڤارانه که تائێستا سەرپەرشتیکەرێ ئەکادیمیان نییه یان هەر ئەوه نەبووه به ترادیسیۆن(نەرێت) سەنتەرێکی کولتووری یان گۆڤار و ڕۆژنامەێ یاخود دەرگایەکی چاپ و پەخش کەسێ ئەکادیمیکەر بکا به ڕێفرێنسێ بۆ خۆی تەنیا پێوەندی به بێئاگایی و کەمئەزمونی ئەوانەوه نییه بەلکو خودی ئەکادیمیکەری کوردیش نه ئەو ستاتۆسه ڕوناکبیریەی له نائاگایی ئەوانەدا بەرجەستەکردووه نەش بەخۆی پردێکی لەنێوان دونیای ئەکادیمیا و ڕوناکبری بوونیادناوه.
بۆئەوەی باس له کۆلاپسی نێوەندی ئەکادیمیش بکەین بەپێویستی دەزانین لەوبارەیەوه باس له هەندێ لایەنیتر بەکورتی بکەین لەوانه:دەسەلاتی سیاسی کوردی و ئەکادیمیکەران, مێدیای کوردی و درۆی به ئەکادیمیکردنی, هەروەها گرفتی ڕیشەیی خودی نێوەندی ئەکادیمی کوردی که بەرپرسیاره بەرامبەر به تێکدانی مانای ئەکادیمیکەر.

## کۆلاپسی مێدیای کوردی

مێدیای کوردی ,بەهەردوو بەشەکەیەوه(حیزبی و غەیره حیزبی) , ڕۆژانه بەشداری له پرۆسەی کۆلاپسدا دەکا. بەلێشاو هەوال و نووسین بلاوکردنەوەش نه بەو مانایا دێ که مێدیای کوردی له قۆناغێ ڕابووناویدا دەژی و نەش بەو مانایەی که تێگەیشتن لەسەر مێدیا لەناو ئێمه دروستبووه. ئەو باسه زۆرەش لەسەر مێدیای لیبرال ڕۆژانه دەووترێ ئەوه ئەو شمەکەیه که مێدیای ئازاد یان ئەوی پێیدەوترێ غەیره حیزبی( ئەهلی یاخود سەربەخۆ) بانگەشەی بۆدەکەن. سەیره چۆن ئەو مێدیا ئازادانه ئاوا به پەله دروستبوون! دەستەی نووسەران و سەرنووسەری ئەو مێدیایانه تائێستا پێیانیاننەووتووین که بڕوانامەی لیبرالی و سەربەخۆییان له چ زانکۆ و نێوەندێکی توێژینەوەوه بەدەستهێناوه. باشه ئەوان پێشتر هەر ئەو چەند کادیر و ئەندامی فلانه حیزب و فیسکانه ڕێکخراوانه نەبوون چۆن لەو ستەمخانەی ڕۆژهەلات و ئەو دوورگه سیاسیه زەبراویەی عێراق و کوردستان ئاوا به پەله بوون به نوێنەری وتاری ئازادی و سەربەخۆی. سەیره مرۆڤ ئاگایێ ئەوتۆی سەبارەت بەخودیخۆی گەلالەنەکردبێ بەلام بووبێ به بلندگۆی ماف و سەربەخۆی. تۆ چۆن دەکرێ ڕۆژانه بنووسی و یان سەرپەشتی نووسین و هەوال بکەی بەلام جارێ بەتەواوەتی لەوەنەگەیشتووی تۆ کێیت؟ مەسەلەی تۆ کێیت تەنیا پرسیاره فەلسەفیه کلاسیکه نوێکه نییه بەلکو ئەو تێڕامانه ویژدانی و ڕەوشتیەشه که واتلێدەکا هەبوونت بحەیته ژێر پشکنینەوه. ئەوەی تۆ وەك سەرنووسەری ڕۆژنامەێ ئەهلی له ڕۆژنامەێ غەیره ئەهلی جیادەکاتەوه ئەوه نییه که بەئەهلیبوونەکه ناسنامەی ئازادی و سەربەخۆیت بۆ دابیندەکا بەلکو فاکتەری تر تۆ جیادەکاتەوه گرینگترینیشیان ئەوەیه که تۆ گرینگه خۆت بی نەك کەسێتر. پاشان تۆ کاتێکیش خۆتدەبی که تۆ خۆت خۆتت بەرهەمهێناوه نەك ئەویتر. بۆ ئەوەی تۆ خۆتیش بی و نەك ئەوی تر مەرجه خۆت نەخەیته هیچ بەراوردکارێکەوه. بەلام ئەوەی زۆر سەیره ئەوەیه که زۆربەی ڕۆژنامه ئەهلیەکان له حالەتێ بەراوردکاریدا دەژین که تاڕادەێ ئەم پەتایه(واته پەتای بەراوردکاریی) گشت بوارەکانی ژیانی کەسی تازەی کوردی گرتۆتەوه. بۆنموونه کامه حیزبی سیاسی کوردی دەگری له حالەتی بەراوردکاریدا دەژی که ئەم حالەتەش یەك لەو پرسیارانەی هەمیشه دروستیدەکا ئەوەیه کامامان باشین: من یان ئەویتر؟ جا وەك هەموو شتەکانی تر ئەم پەتایه که له مالی سیاسەتەوه هەلیکردووه ڕووەو گشت ماله کوردیەکانی دی ڕۆشتووه و گەراشی لەناو گشت فۆڕمه ڕۆشنبیرییەکانا داناوه. پرنسیپی ئەم پەتایه که بریتییه لەوەی کامامان باشیین هەنگاوەکانی گشت داهێنانێکی کوردی به داهێنانی سیاسیشەوه(که سیاسەتیش توانایێ داهێنانی تایبەتی هەیه) کوشتووه.چونکه ئەوەی تۆ دەبێ لەم یاریه بەراوردکاریەدا بیکەی ئەوەیه که تۆ دەبێ لاێ یان کەسێ یاخود گۆڤار و ڕۆژنامەێ هەلبژێرێ.
بۆئەوەشی بەسانای ڕۆچینه ناو باسەکەمانەوه بەپێویستی دەزانین چەند خالێ بەرباسخەین که بەهۆیانەوه دەمانەوێ ئەو کۆلاپسه ڕوونکەینەوه که مێدیای تازەی کوردی پێوەیدەتلێتەوه:

- بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەویووترا دەشێ لێرەدا پتر به ڕوونی جەغت لەوەبکەین که , تۆی ڕۆژنامەوانی لیبرال ناکرێ خۆت وەك ڕۆژنامەوانێ لیبرال نیشاندەی هەر لەبەرئەوەی بەئاشکرا سەربه وەزارەتی ڕۆشنبیری یان دەزگایێ له دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێ لەو دوو حیزبه گەورەیەی کوردستان نیت.دیسانەوه تۆ ناشێ پێیتوابێ ڕۆژنامەێ ئازاد سەرپەرشتیدەکەی چونکه چەند هەوالێ سیاسی شاراوه یان دۆسیەی چەند خۆفرۆشێ سیاسی یاخود نهێنی حیزبێ بلاودەکەیتەوه. ئەی ڕۆژنامەوانی لیبرال سەیره که تر ئەمانەت کردووه به بناغه بۆیه خۆت ناوناوه ڕۆژنامەوانی ئازاد و سەربەخۆ. لەڕاستیدا تۆ هەر بەرهەمی ئەو ڕاگەیاندنه حیزبیه لایەندار و نابینایەی که خۆتی لێیجیادەکەیتەوه. پێتوانیه ئەو مەسەلانەی باسمانکرد ئارگومێنتێ بەهێزنەبن بۆ قسەکردن لەسەر نائازادی و ناسەربەخۆی تۆ. ڕەنگه تۆ داوای ئەوەمان لێکەی باشه گەر ئەوی من پیادەیدەکەم ئازادی و سەربەخۆیی نەبێ

ئەی ئازادی چییە؟ بۆوەلامی ئەم پرسیارە دەلێم: بۆ من ئازادی واتە گەیشتن لە خودی خۆت. بەگەیشتنیشت لە خودی خۆت تۆ دەبی بە خۆت واتە دەبی بەخاوەنی خۆت. بە خۆ بوونیشت ئاماژەیێ سەرەکییە لەسەر ئازادبوونت. کەواتە تۆ تا خۆت نەبی ناتوانی ئازاد بی. تۆ جارێ ئازاد نیت چۆن دەتوانی بەشداری لە ئازادکردنی ئەویتردا بکەی. تۆ بەوەی دەخوێنیتەوە یان دەنووسیت مانای ئەوە نییە ئازادی. تۆ کاتێ ئازادی کە خۆت بی. بەخۆبوون یەکەم هەنگاوی بەمرۆبوونتە نەك هەر ئازادبوونت. مەبەستم بەمرۆبوونت تەنیا پێوەندی بە دەرککردنتەوە نییە بەرامبەر بە ئازادبوونت یان وەکی تر بەرامبەر بە دیلبوونت بەلکو بەوەشەوەی کە تۆ بەوە ئاگای لەسەر هەبوونیشت پەیدادەکەی واتە دەبی بەخاوەنی تێگەیشتن بەرامبەر بە بوونی خۆت. تۆ کە سەرقالی بە دۆزینەوەی ئەویترەوە بوونی خۆتت ژێرپی خۆت خستووە. ئەمەش بلاوترین دیاردەیە لە ژیانی مرۆڤی کوردی نوێ. ئەم لایەنە لەسەر گشت ئاستەکان کاریلەسەردەکرێ و کەسی کورد تەنیا هەنگاو بۆ ناسینی ئەویتر دەنێ بێ ئەوەی تێرامانێکی لە هەبوونی خۆی کردبێ. وەکیتریش ڕۆحی ڕۆژنامەگەری کوردی لەم خالەدا کۆبوەتەوە.
بەباوەڕی من تۆ دەبێ زۆر بەووردی لەوەبگەی کە جیاوازی هەیە لەنێوان تۆ لیبرال بی لەوەی کە بە لیبرال ناوزەدکرێ. ئەمەش مەسەلەێ زمانەوانی نییە بەلکو پێوەندی بە زانستی پێناسەکردنەوە هەیە ئەو زانستەی یارمەتیێ زۆرماندەدا لە ڕیشەی ئەو ناو و ئاوەلناوانە بگەین کە زانینمان لەبارەیانەوە نییە.

- یەکێ لە هەرە دیاردە ترسناکەکانی شار کە بەخۆی ئارگومێنتێ(بەلگەێ) باشیشە بۆ قسەکردن لەسەر کۆلاپسی مێدیای کوردی زۆربوونی ڕۆژنامەوانە. تەماشای شارکەن , شاری ئەمڕۆ یان شاری ئازاد و نوێی کوردی, پڕە لە ڕۆژنامەنووس کە هەرئەوەش بووەتە هۆی دروستبوونی ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە زۆرە لە شار.
ئەوەشی پتر لەم لایەنە شوێنی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی ڕۆژنامەوانەکانی شاریش خەریکی خوێندینی ڕۆژنامەوانین. ئەم دیاردەیە کە نە سروشتییە و نەش پێویست بەرهەمی بیرکردنەوە نییە لە بەئەکادیمیکردنی کاری ڕۆژنامەوانی بەلکو بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیە کە ڕۆژنامەوانی خوێندنی ئاسانە و پاشان کاری ڕۆژنامەگەریش لەبەرئەوەی بەسەر دوو جۆر لە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە دابەشبووە کە ئەوەش ئەهلی و غەیرە ئەهلییە بێکارییەخۆیەوە نابینێ. بەلام ئایا وایە؟ ئایا لە ولاتانی ڕۆژئاوا ئاسانە خوێندنی ڕۆژنامەگەریی؟ ئایا کاری ڕۆژنامەگەریش بەبێ خەم دەستدەکەوێ؟ من هەرگیز پێموانییە ئەم بیرۆکەیە ڕاستبێ. چونکە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری لە ولاتانی ڕۆژئاوا نخوێنی پێویستت بە زانینی چەند زمانێ هەیە و پاشان خوێندنی ڕۆژنامەگەریی بۆنموونە لە شوێنێ وەك زانکۆی ستۆکۆلم بە دوو بەشی ترەوە گرێدراوە کە مێدیا و گەیاندنە و خودی ئەو پرۆگرامەش کە لەو بەشەدا پێڕەودەکرێ لەو گۆڕانکاریانە دابڕاو نییەکە هاتوونەتە سەر فەلسەفەی مێدیای تازە و تەکنەلۆژیای گەیاندنی هاوچەرخەوە کە ئەوەش بەجۆرێ لە جۆرەکان دەتبەستێتەوە بە ئەوەی پێیدەلێن " "پۆست پرۆدێکشن" " .
ئەوەشی کە زۆربەی ڕۆژنامەگەران ڕاگەیاندن دەخوێنن نە دیاردەیێ دلخۆشکەرانەیە و نەش دیوارێ دەخاتە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆی ژیانی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە. چونکە لەلایێ ئەوە بڕیارێ حیزبی بوو کە ئەوانەی لە ڕاگەیاندن کاردەکەن واپێویستدەکا ڕاگەیاندن نخوێنن. ئەمەش لەسەر بناغەی ئەو بیرۆکە سیاسیە تەپیوە دامەزراوە کە دەلێ: مادەمەکی خۆمان, واتە کورد بووە بە خاوەنی ڕاگەیاندنی خۆی و ئیدی پێویستە کادیر و بەهرەمەندی ڕاگەیاندنمان هەبێ. بەلام نەگبەتیەکە ئەوەیە ئەوانەی ئەو ڕیشتەیە هەلدەبژێرن نێردراو و هەلبژاردەی ڕۆژنامە و بەشەکانی تری ڕاگەیاندنە حیزبیەکانن کە دواتر پاش تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان بەلام ئەمجارەیان بەمووچەێ شتێ بەرزتر و بەستاتۆسێ کۆمەلایەتی دیشەوە واتە وەك ڕۆژنامەوان و کادیری ڕاگەیاندنێ کە هەلگری بەکالۆریۆس یان ماستەرە لە ڕاگەیاندن. سەیرەکە لەوەدایە تائێستا کەس ئەو پرسیارەی نەکردەوە باشە ئەو کەسانە ڕۆژێ لە ڕۆژان لێیان قەوماو ڕێیان کەوتە هەندەران بەکامە ئەزموونی ئەکادیمی و چ جۆرە بروانامەیەکەوە کاردەکەن؟ سەیرە کاتێ کە گشت شار یان ڕۆژنامەوانی دەخوێنێ یان یاسا ئەمە گالتە کردنە بەو دوو ڕشتەیە یان بەگشت مانایەك گەر نێوەندی ئەکادیمی بیەوێ بەخۆییدا؟ دەبێ چ ئامانجێ لەپشت ئەم جۆرە هەنگاوانەوە بێ؟
لەم بارەیەوە ئەوەش دەلێین کە خوێندنی ڕاگەیاندن بەو لێشاوە بۆ ئەوەیە دامەزراوە سیاسیەکان ڕۆشنبیری خۆیان هەبێ و کارێواشکەن کارمەندەکانیان لەبواری ڕاگەیاندن و ڕێکخستن بە گشت ئامرازەکانی پروپاگەندە و زانیاری چەککداربن. بەلام ئەو شێوە خوێندن و ئەو ئاستە ئەکادیمیەی ڕاگەیاندنی ئەکادیمی کوردی تیایەتی چەند دەتوانێ کەسانێ بەمانای وشەکە لیبڕال و باوەڕبەخۆ دروستکا ئەوە نە بابەتی بیرکردنەوەی نێوەدی مێدیایە و نەش نێوەندی ئەکادیمی. چونکە ئەو هەموو چەپلانەی ڕابردوو بۆ شەڕی ناوخۆ و دواتر بۆ ئاشتبوونەوە و دواتر بۆ جەنگ دژ بە تیرۆریزم و تادەگاتە ستایشکردنی یەکگرتنەوەی کوردستان لەگەل عێراق و چەندین دیاردە و ڕووداوی دزێویتر هەموو بەرهەمی ئەو پۆلە ڕۆژنامەوانە دەرچوانەی بەشی ڕاگەیاندنن کە یەك مەتر ئاستی دادپەروەری و مافخوازانەیان بەو بەکالاریۆسە بەروپێشەوە نەڕۆشتووە کە وەریانگرتووە. چونکە کاتێ مەنهەجی خوێندن و

وانەکانی ناو هۆڵەکان تۆ بەرەو دەمارگیری و پڕگماتیستی بەرێ چ جیاوازیەك ئەوکات لەنێوان خوێندەوار و نەخوێندەوار هەیە.
لەوەشبگەڕێتەوە دەکرێ ئەوە بلێین کە نێوەندی ئەکادیمی کوردی ئەوەتی هەیە پسپۆڕ لە کوردستان و هەندەران لە بواری کوردۆلۆژیا و مێژوو دروستدەکا کەچی ئەوەشە توانای ئەکادیمی ئەو دووبەشە کە هەرهەموو دەبینین جا نەخوازەلا بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و گەیاندن کە بەشهایەکی زۆر نوێن و یەك پرۆفیسۆرمان تیایا نییە.
هەر لەم بارەیەشەوە گوماندەکەم ئەم بەشە ئەکادیمیە نوێیە بتوانێ ئەو کودەتایە لە زانینی ئەکادیمی ئەو بوارانەدا بکا کە نێوەندی مێدیای کوردی زۆری پێویستە. کوردیش کە زۆر پێخۆشحالە بە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی و هتد خۆیناوزەدکا بەبێ دروستکردنی فەلسەفەێ تایبەت بە مێدیا ناتوانێ هیچ تێگەیشتنی لەسەر ئەو دۆزە نوێیەی خۆی و ئەویتریش بوونیادبنێ.

– زۆربەی ڕۆژنامەکانی شاری نوێی کوردی لەسەر بناغەی شارچیەتی(جوگرافی) دروستبوونە. هەریەك لەو ڕۆژنامانە دەیەوێ بلێ ئازادی لە ناوچەی ئێمە لە لوتکەدایە. گشت ڕۆژنامەێ ئەهلی و لیبرال کە زمان حالی چەند هاوشارییێکە یان هاوگەڕك و چەند خێزانێ فەریکە سیاسی و ئەدەبین پێیانوایە بوونە بە سەنتەرێ بۆ دادپەروەری و وشەی ڕاست. ئەمان بە لێشاو بلاوکردنەوە و زیادکرنی ژمارەی لاپەڕەکان پێیان وایە زەفەریان بە ڕۆژنامە حیزبی و ناسەربەخۆکان بردووە بەلام تائێستا بیریان لەوەنەکردۆتەوە کە هیچ یەکێ لەوانە نەیتوانیوە بڕیارێ سیاسی بە یەکێ لەو دوو حیزبە گەورەی کوردستان هەلوەشێنەوە. لەسەر نووسینی کام سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەهلی و ئازاد وەزیرێ لابرا یان یەکێ لە مەلەفچیەکان خرایە بەردەم دادگا یان سەرۆکی حیزبێ کوردی داوای لێبووردنی لە خەلکی کوردستانکرد؟ یان ئەو بڕیارەی هەلوەشانەوە کە دەلێ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەریش بۆیان هەیە ببن بە پرۆفسیۆر؟
بەپێیتێگەیشتنی من دەزگای ڕاگەیاندنە حیزبیەکان زۆر بەباشی لە ماهیەتی کارەکانی زۆربەی ئەو ڕۆژنامە لیبرالانە گەیشتوون بۆیشە هیچوەخت لەبەرسایەی هەوالێ یان نووسینێکیان بەسەرلەبەر تێگەیشتن و بەرنامە سیاسیەکانیانا ناچنەوە. گەر ڕۆژنامە حیزبیرکان نێتێ سیاسی بەیەکیەنەوە گرێیاندەدا ئەوا زۆربەی ڕۆژنامە ئەهلیەکان نێتێ خێزانی و قەبەلی یەکیخستوون. ئەو شارچیەتی و بنەمالەگەراییەی ڕۆژنامە ئەهلی و سەربەخۆکان بەرپرسیارن لە دروستکردنی ڕۆژنامە حیزبی و نائازادەکان هەرئەوەندە لە دابەشکردنی کەسێتی سیاسی کورد و کێشەکەی بەرپرسیارن. ئێمە چی بە چیدەکەین کاتێ سۆزی سیاسی و حیزبی بە سۆزی شار و تایفەگەری بەلەجیاتیکەین.
گەر لە ساختمانی ڕۆژنامەیەکی حیزبیدا ناوی حیزبێ یان وێنەی سەرۆکێ گشت کارمەندەکان کۆدەکاتەوە ئەوا لە ڕۆژنامە ئەهلیەکان ڕیشەی شارچیەتی و دەمارگیری خێزان و هاوسۆزی بۆ بنەمالە و ناوچە سەرجەم سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و تەنانەت حەرەس و تەلەفۆنیستەکەش کۆدەکاتەوە. ئەو سلێمانیزمەی ڕۆژنامە ئەهلیەکان لە سلێمانی دروستیان کردوە مەگەر بە هەولێریزم لە هەولێردا وەلامنەدراوەتەوە. ئایا ئەو دوو دیاردەیەش ڕیشەی سیاسییان نییە؟ مەگەر دەسەلاتی سیاسی خۆی لەنێوان ئەو دوو **ئیزمەدا** دابەشنەکردووە؟

– ڕۆژنامەکانی شار کە هەر هەموو پێشبڕکێ لەسەر ئەوەدەکەن وەك ڕۆژنامە و گۆڤاری ئازاد( سەربەخۆ, ئەهلی,بێلایەن) خۆیان ناوزەددەکەن بێ ئەزموونییان پێوەدیارە. خۆ ناوزەدکردن بە ڕۆژنامەی ئازاد هیچ باجێکی لەسەر نییە و تۆ زۆر ئاساییە بۆ خۆجیاکردنەوە لە ڕۆژنامە حیزبیەکان ناونیشان ئەهلی و سەربەخۆ بۆخۆت قۆرخکەی. بەلام بەئەهلیبوون و سەربەخۆبوونت مانای ئەوەنییە تۆ لەوە بەدەری سانسۆر و دیسپلینت نەبێ.
لەوەش بترازێ ئەوەیە کە هەر هەموو ئەو ڕۆژنامانە شەڕ لەسەر زووتر بلاوکردنەوەی هەوالێ سیاسی یان ڕووداوێ دەکەن کە دواتر هەرهەموو بە ڕەوانبێژیێ جیاوە هەمان شت بلاودەکەنەوە کە ڕەنگە هەر ئەوەشە ماهیەتی لیبرالیيان. گەر بچینە ناخی ئەو باسە کۆمەلایەتیە و سیاسی و تەنانەت ئەدەبیانەشەوە(1) کە ڕۆژنامە ئەهلیەکان بلاویدەکەنەوە ئەوەندە لەیەکەوە نزدیکن گەر ناوی نووسەرەکە یان ڕۆژنامەکە لەسەری لابەری هیچ کێشەێ لەبەردەم ناوەڕۆکی نووسینەکەدا نامێنێتەوە. دواتر من تێناکەم زۆرجار ڕۆژنامەکان بانگەشە بۆ جۆرە نووسینێ دەکەن کە خۆیان ناویان ناوە نووسینی فکری باشە ئەو نووسینە فکریانە نابێ کاریگەرییان بەسەر وشە و بڕیاری سیاسییەوە هەبێ؟ باشە نووسینی فکری نابێ لە ڕۆژنامەیەکدا (یان گۆڤارێکدا) کەسێ , با هەرناوینێین کەسێ فکری, پیایدابچێتەوە؟ ئەدی کەسە فکریەکانی ئەو ڕۆژنامە لیبرالانە (یان گۆڤارە فکریەکان) کێن؟ نابێ کەسی فکری کە سەرپەرشتی نووسینی فکری دەکا فکری بەخوێندن خوێندبێ؟ باشە شیاو نییە نووسینی کەسی فکری کەسێ فکری تر پێداچوون یان توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدا ئەی باشە ئەم کەسە فکریانە بۆ لەم کەش و هەوا لیبرالەدا لە کوردستان خۆیان ماتکردووە؟ کوان ئەم کەسە فکریانە و کوا نووسینە فکریەکانیان؟ یان ئەمە تەنیا لەبەرئەوە دەوترێ چونکە کەسی حیزبی فکری نیە و ئەوی لە ڕۆژنامەێ ناحیزبی نووسینی بلاوکردەوە خاوەنی فکرە؟

من وایتێدەگەم ئەوی هەیە نووسینی فکری نییە بەلکو داستانبێژێکی لە ڕادەبەدەر مالکاولکەر و تەعزیەئامێزە. ئایا نووسینی فکری ئەو جۆرە نووسینانەیە کە هەر هەموو هەمان ڕەوانبێژی لە بیرکردنەوە و سێمانتیك لە تێگەیشتن بنووسین؟ ئایا نووسینی فکری ئەو نووسینەیە کە تۆ بەردەوام بەس بنووسی و یان لەبارەی هەموو شتێکەوە بنووسی؟ بەتۆپەل نووسین و لەمەڕ گشت شتێ نووسین نەمانای موفەکری دەگەێنێ و نەش ئەوەی ئازادی بەرکەمالە. ئازادی هەیە کاتێ تۆ بەوجۆرە دەنووسی و بەخوور نووسینیش ئاماژە نییە لەسەر بیریاری بەلکو لەسەر نەبوونی نووسین بە پرۆسەێ لە توێژینەوە و ڕافەکردێ قوول و پڕلە بایەخ. تۆ دەنووسی چونکە کێشەێ لە ئارادایە و تۆ بەهۆی ئەو کێشەیەوە دەتەوێ بە چارەسەر و ڕیزێ لە ئەلتەرنەتیڤ بگەی نەك ئەوەی پەیمانی ئەوەت بەستوە تەنیا بنووسی و شتێ بلێی و دواتریش کورد بەوە تاوانبارکەی کە ئەوە تۆ یەکەم کەس بوویتە لەو بارەیەوە نووسیوتە یان بەقەولی مەعروفی خۆیان یەکەم کەس بووم دەستم بۆ ئەو بابەتە بردووە. ئەمە چارەسەر کێشە سەرەکیەکە ناکا چونکە نووسینەکانی لای ئێمە ئەوە لەیەکدی جیاناکەنەوە نووسەری ئەو نووسینە ئابووریناسە یان توێژەرەوەیەکی ئەدەبییە , فەیلەسوفە یان کشتوکالناسە, تیۆریزەکەرێ سیاسیە یاخود هونەرمەندێ شێوەکارە. ئەمە ڕەنگە لایەنە لاوەکیەکەی کێشەکەبێ بەلام لایەنە سەرەکی و بنەڕەتیەکەی کێشەکە ئەوەیە کە زۆربەی نووسینەکان لەسەرەتادا نە ئامانجی نووسینەکە و ئەو تێزەی کاری لەسەردەکا دەستنیشاندەکا و نەش ئەو ئارگومێنتانە بەرچاودەخا کە نووسەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی مەبەستیەتی بەکاربەرێ.دواتر لەمیانەی نووسینەکەشدا چەند پێنووسێ دەبینی کە تێکەل بەیەکدی کراون, یان چەند شێوازی لەیەکدراون و ئەو نووسینەی لێپێکهاتووە. مەبەستم دەبینی نووسەرەکە سەرەتا وەك تیرۆزەکەرێ لەبواری ئیسلامی سیاسی دەنووسێ پاشان دەبێ بە کۆمەلناس تاوێتر دەبێ بەڕەخنەگرێ ئەدەبی و تادواتر. ئەم ڕەفتارە دزێو و ناشرینە نە مانای ئەوەیە نووسەر خاوەنی ڕوناکبیرێ ئەنسکلۆپیدیە (مەوسوعی) نەش ئەوەی ناوبراو دەیەوێ باسێکمان بەردەستخا کە بەری لێکۆلینەوەێ هەمەمەلایەنە بەلکو ئەو ڕەفتارە تەنیا ئاماژەیە لەسەر ئەوەی کە نووسەری ناوبراو نە پسپۆڕە لە هیچبوارێ و نەش نووسین بۆ ئەم ئامانجە بۆ گەیشتن بە چارەسەری دانپیاهێنراو و باوەڕپێکراو. ئەم کە بەئاگا نییە لەوەی نووسین ئامانجی لەپشتەوەیە ئەمجار ئەو ئامانجە تەنیا بەهۆی بەئاکامگەیاندنی توێژینەوەیەك دێتەدی کە ئەوەش پشتبەستوو دەبێ بە ئێڤیدێنس(ڕوونی) و ئارگومێنت(بەلگە) ناتوانێ لە بەهای نووسین بگا کە ناوی دووەمی توێژینەوەیە. .

بەلام ئەوی لەسەرەوە باسکرا نە هەقیقەتی نووسینی کوردیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەش ئەو نووسینانەی لەدەرەوەی ئەواندا دەنووسرێن. چونکە ئەو سەرگەردانیەی لە نووسینی تازەی کوردیدا هەیە ڕۆژانە خوێنەر لەخۆی دەتۆرێنێ و ناشێ ئەمە بە نووسینی چەند لاپەڕەی کە لە ڕۆژنامە ئازادەکانا بلاودەبێتەوە چاککرێتەوە. مالی نووسینی کوردی کە ناشێ بەوشێوەیە دروستکرێ کە لە ڕۆژنامە ئەهلیەکانا بلاودەکرێتەوە,کە زۆرجار ئەو نووسینانە وەك نووسینی فکری, نووسینی زانستی, نووسینی مەعریفی ناوزەدکرێ(2), پێویستی بە کەسانێ پسپۆڕە لە بوارە جیاجیاکانا تا ئەم مالە ئەندازیاری بەسەرەوەکرێ. بۆیشە دەلێین بوارە جیاجیاکان چونکە تەنیا بەهۆی ئەو جۆرە پسپۆریە جیاجیایانەوە دەبین بە خاوەنی نووسینە جیاجیاکان. واتە گرینگە ئێمە نووسینی ئابووری لە نووسینی ناسیۆنالی ئەوەش لە نووسینی فەلسەفی ئەمەش لە نووسینی زمانەوانی و هەمووش لە نووسینی سیاسی و کۆمەلایەتی جیاکەینەوە. سەیرە لە ڕۆژنامە کوردیە لیبرال و نالیبرالەکان هەمان پێنووس یان پێنووسە جیاجیاکانیش هەمان باس و خواس وەك یەك دەنووسن. نووسەرێ لە ڕۆژنامەێ لیبرال دەبینی ئەمڕۆ باسێ لەسەر هەلبژاردن دەنووسێ بەیانی یان لەهەمان گرووپی ڕۆژنامە(واتە ئەهلیەکان) باسێ لەسەر ڕێنێنساس یان جیهانگیری دەنووسێ پاش ماوەێتر لە ڕۆژنامەێ غەیرە ئەهلی باسێ لەسەر شاعیرێ کورد یان فلیمێ سینەمای دەنووسێ و زۆرترین تیۆریزەش لەوبارەیەوەدەکا. لەکۆتایدا مرۆڤ نازانێ ئەم بەڕێزە لەچ بوارێ پسپۆڕە و بڕوانامەکانی لەسەر چ جۆرە توێژینەوەیەك وەرگرتووە. ناکرێ تۆ کارێ وەك پسپۆڕ لە بواری ئیسلامی سیاسی بنووسی و دوای چەند ڕۆژێتر باسێ لەسەر مۆدێرنە بنووسی و لەوێشڕا زۆرترین تیۆریزە بەسەر قووتابخانە فەلسەفییەکانەوە بکەی. لە کۆتایدا ئێمە چارمان نیە و لەم بەڕێزە دەپرسین: تکایە ئەی بەڕێز تۆ لە چی پسپۆری؟ لە مۆدێرنە؟ یان لە جیهانگیری و تیرۆریزم؟ لە ئابووری نوێ یاخود لە ناسیۆنالیزم؟ لە مێژووی نوێی کورد یان ڕوانبێژی؟ گرینگە و زۆریشە پێویستە ئێمە لەوەبگەین جەنابتان لەچی پسپۆڕن؟ گەر پسپۆڕنیشن باشە سەرچاوەی بیری ئێوە چییە و کێیە؟ باشە دەکرێ ئاوا هەمیشە و بەردەوام بەلێشاو بنووسن؟ لەڕاستیدا ئەو پرسیارانە وەلامی خۆیان بەباشی دەستناکەوێتەوە. چونکە نە لەو ڕۆژنامە ئەهلی و غەیرە ئەهلیانەدا پسپۆڕ و شارەزای واهەن کە بچنە قوولای ئەو نووسینانە و نەش خودی ڕۆژنامەکان لەسەر ئەو بنەمایە دروستبوونە. سەرنووسەری ڕۆژنامە غەیرە ئەهلیەکان کە لەلایەن حیزبەوە دانراون سەرنووسەری ڕۆژنامە ئەهلیەکان لەلایەن چەند هاوڕێ و دۆستێکی دێرین و هاوڕەفیق تەلەبەی خۆیانەوە هەلدەبژێرێن و یان دەستنیشاندەکرێن و ئیدی تاڕۆژی حەشریش چ سەرنووسەری ڕۆژنامە ئەهلیەکەیە و چش ئەوی غەیرە ئەهلیەکە سەرنووسەرن و سەرپەشتی گشتشتێکی ئەو ڕۆژنامەیەش دەکەن. ئەلبەتە سەرنووسەریش لای ئێمە نەك هەر دوا ماف و داد بەدەستیەوەیەتی بەلکو

سەرنووسەری گشت باسێ ئابووری و ئەدەبی و وەرزیشیشدەکا و تادەگاتە دەرکردن و تەعینکردنی کارمەندیش.

کاتێ کە نووسینیش لە زۆربەی ڕۆژنامە ئەهلیەکانا لەسەر بناغەی شار و بنەماڵە و دێرینی لە هاوڕێیەتی بڵاودەکرێتەوە ئەوا لە ڕۆژنامە غەیرە ئەهلیەکانا تەنیا تۆ قسەت نەووتبێ بە ڕابەری سیاسی و یان خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە ئەوە هەرچیت نووسیبێ گورج بڵاودەکرێتەوە. ئەم حالەتە ئەنفالکردنی نووسین و ئەو ڕۆشبیریەشە بەهۆی نووسینەوە دروستدەبێ. من دەزانم ڕۆژنامە ئەهلیەکان بۆئەوەی خۆیان نەخەنە ژێر ڕەحمەتی بازرگان و سیاسیەکانی شار ناچارن بەهەندێ ڕێگای تر ڕۆژنامەکانیان بژێنن بەڵام خۆ لە کوردا چەند کەسێ هەر دەستدەکەوێ کە جارجارە نووسینێیکی بۆڕەوانەکرێ بۆ پێداچوونەوە پێش بڵاوکردنەوە. بۆنموونە گەلێ لە مامۆستاکانی زانکۆی ستۆکۆلم بەجۆرێ لە جۆرەکان لە لاپەڕەی کولتووری هەندێ لە ڕۆژنامە سەرەکیەکانا دەنووسن و یان سەرپەرشتی ئەو لاپەڕە کولتووری و ئابووری و سیاسی و دێیاتانە(گفتووگۆ) دەکەن پێش بڵاوکردنەوەی. ڕاستە ئەمە لەسەر ڕۆژنامەی ئێمە زۆردەکەوێ بەڵام ڕۆژنامە سویدیەکان (ئەمە بۆ گۆڤارەکانیش هەمانشتە) لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکەیان زۆرستاندارتکردوە دەتوانن ئەو کێشانە چارەسەرکەن. نەك هەرئەوە بەڵکو گەلێ لە بەرپرسانی بەشی لاپەڕە کولتووری و دێیاتە سیاسی و ئابووریەکان پسپۆڕی تایبەتن و بگرە خەڵك دەیانناسێ و کار و توێژینەوەی ناوداریان هەیە. بۆیشە کاتێ نووسینێ کولتووری یان سیاسی دیاریکراو بەجۆرێ دەنووسرێ زۆرترین دێیات لەبارەیەوە دەکرێ و بگرە دەبێتە هۆی دروستبوونی سکەندالیش(فەزیحە). من ئەم سکاندالەم نە لە ڕۆژنامە کوردیە ئەهلی و غەیرە ئەهلیەکان دی و نەش ئەوەم دی پسپۆڕ و توێژەرەوەی تایبەت و جیا سەرپەشتی لاپەڕێدیاریکراو یان گرفت و دێیاتێ بکەن. ئەوەی هەیە ئەوەیە کاتێ ڕۆژنامەوانێ لە دەزگاێ دەردەپەڕێندرێ ئەوا ڕوو یان لە دەزگاێ تر دەکا یان خۆی لەیەکێ لەو سەنتەرە کولتووریانەدا دەبینێتەوە کە لە شاردا دروستکراون یاخودیش ئەوا دەچێتە ڕۆژنامەیەکی ئەهلیەوە. تۆ تەماشای ڕۆژنامە ئەهلیەکانبکە بووە بە مۆلگەی دەرپەڕێندراوەکانی سەنتەر و دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییە حیزبیەکان یان شوێنگەێ بۆ ئەو نووسەرە لێقەوما و کۆلکە ئەدەیب و سیاسیانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان کاری ئەدەبی یان سیاسەتیانکردووە یان بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر بنەماڵەێ ئەدەبی یان سیاسی شار. یان دەبینی هەڕەمی تەعینبوونیش لەو ڕۆژنامانە زۆر خێڵەکی و خێزانییە. بۆنموونە ئەم بیرۆکەی دەیگێڕینەوەی زۆر جێیتێدەچێ: لەسەر قسەی سەرنوسەر یان خاوەن ئیمتیاز دەووترێ با فلانکەس لە ڕۆژنامەکەمان کارکات چونکە هاوسەری یان خوشکی فلانە برادەرمانە ئێستا بێکارە و نەختێ هەوەسی نووسینی لەبارەی کێشەی منال و خێزانیشەوە هەیە و ئەوەشیان لەبەرئەوەی لە دەمەقالەیەك لەگەڵ بەرپرسی فیسکانە دەزگا یان بنکەی ڕۆشنبیری دەرکراوە و ماوەیەکە بێکارە و ئەویتریشیان نەختێ سەرلە شتی فکری دەردەکا و نایەوێ پەنا بۆ حیزبەکانبەرێ. خلاسە ئایا ئەم شێوە پێکەوە کارکردن و یەکگرتنەوەیە دەکرێ بکرێ بە بناغە بۆ ناوزەدکردنی ڕۆژنامەێ ئەهلی بە ڕۆژنامەێ ئازاد و لیبرال و بوێر و هتد؟ بەدڵنیایەوە هەزارجار نەخێر. چونکە ئەو شێوە پێکەوەکارکردن و یەکگرتنەوەیەی لەناو ڕۆژنامە ئەهلیەکانا باوە ڕاستە فۆڕمێ تری وەرگرتووە لەناو ڕۆژنامە غەیرە ئەهلیەکان بەڵام مەسەلەکە تەنیا گۆڕینی میکانیزمی ڕەفتارکردنەکەیە و هیچیتر. واتە گۆڕینی نێتێ بە نێتێ تر. بەوتاێ دی,گۆڕینی نێتی حیزبی و ڕیشالی تێگەیتنی سیاسی بە نێتی بنەماڵە و ڕیشالی ناوچەگەرایی.

بەڵام هەرچی ڕۆژنامە غەیرە ئەهلیەکانە جگەلەو شتانەی سەبارەت بە ڕۆژنامەی ئەهلی باسمانکرد ئەوا ڕۆژنامە غەیرە ئەهلیەکان بوونە بە حەشارگاێ بۆ ئەو کەسانەش کە ساڵانێك لە هەندەران بوونە. ئەم هەندەرانیانە لەبەرئەوەی زمانی ئەم وڵاتانە بەباشی فێرنەبوونە و خوێندنێکیان لەبوارێ تەواونەکردووە و جگەلەوەی کە ئیدی بەرگەی تەنیایی و ڕاسیزم و بێکاری و چەندین کێشەی تریش ناگرن و نایانەوێ بیگرن ئێستا بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی باووباپیرنیانداوە و بەڵام ئەم هیچبەهیچ نەکردنەیان لە هەندەران ڕوونناکەنەوە بەڵکو لەبڕی ئەوە دەیانەوێ کارێکیان دەستکەوێ ئەڵبەتە لە کوردستانی لیبرالی ئەمڕۆشدا ئاسانترین کار کە بشێ ئەمانە دەستیانکەوێ کارکردنە لە ڕۆژنامەێ یان سەنتەرێ ڕۆشنبیری, بۆئەوەی ئەمانە ناونیشانێکیشان هەبێ ئەوا پێیاندەوترێ ئێستا فلانەکەس کاری هونەری و ئەدەبی لە فلانە دەزگای ڕۆشنبیری یان ڕاگەیاندنی فیسکانە مەڵبەندی ڕێکخستن دەکا. من بەدڵنیایشەوە دەڵێم ئەم جۆرە کارانە هەمیشە بێکاری یەخەی دەگرێتەوە. چونکە لەم جۆرە دەستی کارانە لە کوردستان لەلاێ زۆرن و لە زۆربوونیشدان لەلاێ تریش ناکرێ بەشێ زۆر لە خەڵکی کوردستان تەنیا بە نووسینی ئەدەبی و سیاسی بژین و لەوبارەیەشەوە ئەزموونێ لەئارادایە. مەبەستم بەڕوونی ئەوەیە پاش کەوتنە هەندەرانی کوردێ زۆر لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو چی ئەوانەی بەشێزۆر لە ژیانیان لە سیاسەتکردن بەسەربردوو و چش ئەوانەی هەموو ژیانیان کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریان کردبوو هەرهەموو بەبێجیاوازی کەوتنە ناو جۆرە ژیانێکەوە لە هەندەران کە مەجبووربوون بە گشت جۆرە کارێ قایلبن و هیچ یەکێ لەو کارانەش نە لەگەڵ تەمەن و ئەزموونی ئەواندا کۆکبوو نەش لە هەندەران هیچ حیسێبێ بۆ ئەو تەمەن و ئەزمونەشکرا. پاشان ئەو پارە زۆرەش ئەمڕۆ خراوەتە بەردەست ئەو بنکە ڕۆشنبیری و نێوەندی توێژینەوە و چاپخانە و دەزگایانەی پەخش و بڵاوکردنەوە هەر ئاوا وەك خۆی نامێنێتەوە. یەك لەبەرئەوەی ئەوانە بەشێکە لە

سۆزی دەسەلاتی سیاسی بۆ پشتگیری کردن لەو پرۆسە کولتووریەی کورد خۆی تێفرێداوەتەناوی. بەلام ئەو سۆزە بە گۆڕانی ئابووری ئەو دەسەلاتە سیاسیە ڕوو لەکەمی و دواتر نەمان دەنێ. چونکە ئەم خۆی خاوەنی ئابووری خۆی نییە و ئەو یارمەتییانەش بۆ خۆی و بۆ پرۆژە کولتووریەکانیش لە دامەزراو و دازگا ڕۆژئاوایەکانەوە وەریدەگرێ مادامەکی ناوەڕۆکێ پڕاگماتی سیاسی هەیە لەو ئاستەدا نامێنێتەوە .

## کۆلاپسی نێوەندی ئەکادیمی کوردی

نێوەندی ئەکادیمی کوردی دەمێکە و بەگەلێ کێشەوە دەتلێتەوە بەرچاویترینیان ئەو کێشەیە کە مانگرتنی قووتابیان لەم دوایە والایکرد. زانکۆیەك وەك زانکۆی سلێمانی بەوهەموو کەموکوڕیانەوەی چۆن دەتوانێ زانکۆێ ئەهلی وەك زانکۆی ئایندە بەخێوکا کاتێ زۆربەی بەشەکانی زانکۆی سلێمانی ئەو مێتۆدانە تیایدا سەرپشکە کە لە پەنجاکانی سەدەی پێشوو لە ڕۆژئاوا پێڕەوکراوە. گەر هەندێ لە بەشەکانی زانستە مرۆییەکان,کۆمەلناسی یان مێژوو یاخود ئابووری و تەنانەت زانستە سیاسیەکان و یاساش ,بەنموونە وەرگرین دەبینین تەنیا لەبەشێ پێکدێ و ئەم بەشانە لە ولاتانی ڕۆژئاوا چەندین بەشی تری لێدەبێتەوە جگەلە لە هەندێ کۆرسی لابەلایتر کە سەر بەهەمان بەش و دیپارتەمێنتن لە کۆلێجەکەدا.
لە زانکۆی ستۆکۆلم بەشێ وەك ئابووری تەنیا لە بەشی ئابووری و بەڕێوەبردن پێکنەهاتووە بەلکو لە چەندین لابەشیتر و بەشی سەرەکی پێکهاتوە کە زۆربەیان پێوەندی لە لاێ بەگەشەی بازاڕی ئابووری و تەکنیکی ڕۆژئاوای جیهانگیرییەوە هەیە و لەلاێ دیش بەخودی ویست و هۆشمەندی تاکی ڕۆژئاواوە. لای ئێمە بەشی ئابووری نە ئەو گرنگیەی هەیە و نەش بازاڕی کار و بەرهەمهێنانی ئێمە پێویستی بەو ئالۆزیانەی زانستی ئابووری نوێیە. ئەو بازاڕە تازەیەش کە لائێمە دروستبووە بەرهەمی ئەوەنییە کە کورد بەشێکە لە بازاری نەخت و تەکنیکی نوێ بەلکو پێوەندی بە مەزاجی هەندێ پارەداری کوردەوە هەیە کە شمەکی بەرخۆری و تەنانەت تەکنیکی و ئەلەکترۆنی سەرەتای لە ولاتانی دراوسێوە بۆ کوردستان دەهێنن. پارەدارەکانی شاریش بەتایبەت ئەو بەشەی پێیێکی لەناو سیاسەتە یان بەشێکیان بریتین لە سیاسیەکانی ئەمڕۆ و یان دوێنێ فوورسەت لەبەردەمینا بۆ بازرگانی زۆرەترە لەو بازرگانانەی پێیێکیان لەناو سیاسەت نییە. بۆیە وانەکانی ئابووری پڕبەپێستی بازاڕی کوردیەوەن و هیچوەخت لەگەل پێداویستیەکانی بازاڕ و سێستەمی بەرهەمێنان و کارکردنی خۆماندا لەناکۆکیدا نیین. دواتر ئەو دەستەبژێرەی بازرگانی شاریان بەدەستەوەیە نەوەك سەرمایەدارە ڕۆژئاوایەکان لەو کۆلێجانەدا ئابووری و بەڕێوەبردنیان خوێندووە کە زۆربەی تیۆرییە نوێیکانی لەبارەی کار و بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنەوە تیادەووترێتەوە و نەش ئەو زانیاریە نوێیانەیان لەبارەی سێستەمی نەخت و فرۆشتنەوە پێیە کە بەخۆی گرێدراوە بەو گەشەیەوەی تەکنەلۆژیای زانیاری خستوویەتیە ناو بازاڕەوە. بەپێچەوانەوە بازرگانەکانی شار پۆلێ نەخوێندەوار و کۆنە سیاسی و لاوی پارەپەرستن کە بیرۆکەی " "مەیك مۆنی-پارە دروستکردن" " گشت ڕەفتارێکی بازرگانیان بەڕێوەدەبا. هەرچی بەشەکانی تریشە کەمتر لە بەشی ئابووری بێگرفت نییە و ئەو وانانەی تیای دەووترێتەوە لە هیچ زانکۆیەکی ڕۆژئاوا لە پرۆگرامی کۆرسە وەرزیەکانا نەماوە. ئەی باشە زانکۆی ئایندە و تایبەتمان بۆ چییە؟ بەباوەڕی من پێویستیەکە پڕاگماتیە(بەرژەوەندییە) و هەچ پێویستیەکیش پڕاگماتی بێ بێکەلك و بێفەڕ دەبێ یان سوود و مەنفەعەی تاقم و گروپێکی تیایا. زانکۆی سلێمانی سالانێکە بەکالاریۆس(لێسانس) هەلگرێ زۆر لە ئابووری, کۆمەلناسی, یاسا, زمان و ئەدەبی کوردی, مێژوو و تادەگاتە بەشەکانی زانستە سروشتیەکانیش (کیمیا, فیزیا, بیریکاری و هتد) فرێدەداتە ناو بازاڕی کارەوە. زۆربەی ئەوانەش سالانێ لەدەرەوەی بواری کاریخۆیان کاریاندەکرد بەلام لەم دوایەدا ئەو بووژانەوە بێسەروبەر و پەلەیەی لە کوردستان پڕوپاگەندەی بۆدەکرێ بەشێ لەوانەی خستەسەرکار بەلام ئابووری کوردستان لەبەرئەوەی ئەمڕۆ سەرچاوەکەی سیاسیە و خۆیی نییە ناشێ ئەو بووژانەوەیە لەئەمڕۆدا ئومێدی پێبکرێ. ڕاستە نەخستنەسەرکاری دەرچوانی زانکۆ هەریەك بەپێی پسپۆڕی و پیشەی کێشەیەکە و لە ئەمڕۆدا تەنیا پێوەندی بەبازاڕی کار لە کوردستان نییە و تاڕادەیەك بووە بە دیاردەێ گلوبال بەلام لە ولاتانی جیهانگیریدا شیاوی لەبەردەم دەزگاکانی کار و دامەزراوەکانی خوێندن و فێربوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە زۆرترە. باشە ئەمە بێ واقیعی بازاڕی کار بۆ دەبێ زانکۆی تایبەتمان هەبێ؟ باشە زانکۆێ وا پێویستی بە مامۆستا و کادیری ئەکادیمی تایبەت نییە کە لەگەل ئەدرێسەکەیدا تەبابێ؟ یان زانکۆ کە بە پارە بێ نابێ ئەو وانانەی تیای بووترێتەوە تایبەت و دەگمەنن؟
بەباوەڕی من ئەم زانکۆ تایبەتەی دروستکراوە پێوەندی بە دوو خالەوە هەیە: خالی یەکەم ئەوەیە کە ئەم زانکۆیە بڕیارێ سیاسی لەپشت دروستکردنیەوەیەتی. واتە حکومەتی هەرێم لەپشتیەوەیەتی ئەمەش وادەکا ئیدارەی زانکۆکە گالتە بەگشت داوایەکی ئێستا و داهاتووی قووتابیان بکا. جەوهەری ئەم بڕیارە سیاسیەش پێوەندی بەجۆرە سازشێ سیاسیەوە هەیە کە ئەوەش بەو وتارە سیاسیەوە وابەستەیە کە کوردستانی ئەمڕۆی بە عێراقەوە گرێداوەتەوە. خالی دووەمیش ئەوەیە کە بنەمالە سیاسی و بازرگانەکانی شار پێویستیێ زۆریان بەو زانکۆ تایبەتە

هەیە. مادەمەکی وەرگرتن لە زانکۆی تایبەت بە دراوەبێ و نەك بە ئێنتلێکت(هۆشمەندی) ئەوا زارۆکی سیاسی و بازرگانەکانی شار یەکەم پۆلی قووتابیانی ئەم زانکۆیەن. لەبەرئەوەی پارە بۆ ئەم دوو بنەمالەیە هیچوەخت کێشە نییە و دواتر زانکۆکە چونکە ویستی بنەمالە پارەدار و دەسەلاتدارەکانی شاری لەپشتەوەیە دەتوانێ لەو جۆرە گرفتانە بەئاسانی خۆی دەربازکا کەلەم دوایە دووچاربیووە. بەلام بۆ دامەزراندنی ئەم زانکۆیە بڕیارێ سیاسی لەپشت دروستبوونیەوە دەبێ؟ لەمڕووەوە گەلێ هۆ هەن لەوانە: ئەو مامۆستا عەرەبانەی لەسەر بناغەێ سیاسی لە کوردستان دامەزرێندراون دەەبێ پرۆژەێ ئاوایان لەبەردەمدا بکرێتەوە تا وەبەربهێنرێن. ئەوانیش چونکە لەسەر بوونیادێ پڕاگماتی جێنیشینکراون هیچوەخت نەلەسەر هیچ داوایەکی قووتابیان دێینەگۆ و نەش لەسەر ڕەفتاری چەوتی دەسەلاتی سیاسی کوردی. بۆیە دەسەلاتی سیاسی دەزانێ چیدەکا یان ئەوەتا زاتکۆ پڕدەکا لە مامۆستای بەتالی حیزبی یان دەیخاتەبەردەست کۆمەلێ بازرگانی ئەکادیمی. ئەم دوو گرووپەش کە هیچکات لە کەموکوڕی و هەلەکانی دەسەلاتی سیاسی کورد نایەنەقسە ستاتۆسی ئەکادیمی کوردی دێنەئاستی کۆلاپس کە ئەوەش خەونی سیاسی کوردیە کە مرۆڤی پڕگماتی و هەلپەڕست گشت گۆڕەپانەکانی شار پڕکاتەوە. هۆێتر کە ئەم زانکۆ تایبەتە بڕیارێ سیاسی لەپشتیەوەیە ئەوەیە کە بازرگان و سیاسیەکانی شار , کە بەهێزترین بەرژەوەندی لەنێوانیادایە, دەیانەوێ نەوەکانیان دواتر لە فۆڕمێ دیدا جێیانبگرنەوە. بۆئەوەی ئەمانیش جیاتر لە باوباپیرانیان گۆڕەپانی سیاسەتکردن و بارزگانی بگرنە دەست چاترە زانکۆی بن و بڕوانامەکەیان لەبەرباخەلدابێ. پاشان گەر ئێستا ڕەخنەی ئەوە لە بەشێ زۆر لە سیاسی و بازرگانەکانی شار دەگیرێ کە نەخوێنەدەوار و نائەکادیمین دەکرێ ئەم کێشەیە نەك هەر بە کڕین و مسۆگەرکردنی کورسی خوێندن لەو زانکۆ تایبەتەدا بۆ جگەرگۆشەکانیان چارەسەرکەن بەلکو بۆ خۆشیانی دابینکەن. چما لە زانکۆی سلێمانی یەك دوو بەشی لەلایەن ئەمانەوە قۆرخنەکراوە. گەر لە زانکۆ حکومی و مەرکەزیەکە ئەمە سەد دەر سەد بۆ ئەم سیاسی و بازرگانانە نەچووبێتە سەر ئەوا بەناوی خوێندن بەپارە ئەم نیازە بەچاکی بۆخۆیان دەهێننەدی. باشە ئەم بازرگان و سیاسیانەی شار بۆ ڕۆلەکانیان ڕەوانەی زانکۆکانی وەك زانکۆی ستۆکۆلم. سۆربۆن, هارڤارد, یال , کۆلۆمبیا و کامبرج و... هتد ناکەن گەر بە فیعلی ئەمان پارەدارن و دەیانەوێ مالەکانیان جیاوازبن؟

وەلامی ئەوە بۆ خۆیان بەجێدێلین. بەلام دەشێ ئەوەش بووترێ کە زانکۆی تایبەت نە شوێنی جیاوازە و نەش توانای دروستکردنی جیاوازی هەیە. جیاوازیدروستکردن شیاوی و توانایێ تر دەوێ کە لە ئێستادا لە زانکۆی ناوبراو دەستناکەوێ.زانکۆی تایبەت یان ئەو زانکۆیانەی بە پارەتیایا بۆتهەیە ىخوێنی لە ڕۆژئاوا بەو شێوەیەی کوردستان نییە. جگەلەوەی وەرگرتن لەو زانکۆیانە زۆر سەختە بەلام مامۆستای بەمانای وشەکە تایبەت وانەی تایبەتی تیادەلێنەوە و مێتۆدەکانی خوێندنیش زۆر سەردەمیین. کە دەلێم سەردەمی مەبەستم مرۆیی نییە چونکە زانکۆ ناتوانێ کەسی مرۆیی دروستکا بەلکو مەبەستم لە سەردەمیی ئەوەیە کە تۆ کاتێ ئابووری یان بەڕێوەبردن یاخود پزیشکی دانی تیادەخوێنی بەو جۆرە فێردەکرێ کە بازاڕی نوێی جیهانی داوای دەکاو پاشان کۆلێجێ وەك پزیشکی دان زۆر وابەستیە بەو گۆڕانکاریانەی هاتۆتە سەر تەکنەلۆژیای زانیاری و مێتۆدە نوێیەکانی چاککردن و تیمارکردنی دان. تەنانەت بەشی یاساش لە زانکۆ تایبەتەکانی ڕۆژئاوا لە چەند بەشێ مۆدێرن پێکهاتووە کە بەجۆرێ پەروەردەتدەکا کە پاشان بکاری کارت لە دامەزراوە یاسایەکان یان کارگە و دەزگا ڕەسمی و حکومیەکانا بۆ مسۆگەرکا نەك تۆ یاسا ىخوێنی تەنیا بۆ ئەوەی پاشان ببی بە پارێزەر لە پۆلیسخانەیەك یان دادگایەکی شار یان ببی بە مودیر ناحیە. یاسا لای ئێمە تەنیا کەوادری لەم جۆرە دروست دەکا. چونکە نە کارگەکانمان پێویستیان بەو یاسا ناسە مۆدێرنانە هەیە و نەش دەزگا و دامەزراوە سیاسی و ئابووری و مافیەکانمان ئەوەندە ئالۆز و تایبەتن داوای ئەو جۆرە پسپۆڕیانە بکەن وەك ئەوەی لە کۆمەلگە مەدەنیەکانی ولاتانی جیهانگیریدا باوە و , لەهەموو ئەوانەش گرینگتر نە مێتۆدەکانی خوێنندنیش لەو بەشە تۆ بەجۆرێ پەروەردەدەکا کە دواتر پێویستی لە دروستکردنی ئەو شوێنانەدا ببینرێتەوە یان پاشان بکاری لەو جۆرە شوێنە نێودەولەتیانەدا کارتدەستکەوێ کە ناویانمانبرد. جیهانگیری کۆمەلگە مەدەنیەکان نەك هەر وایکردوە گشت دامەزرا و دەزگایەك بە بواری یاسا پێویستی بە جۆرێ لە پسپۆڕییە بەلکو ئەو نێوەند و بنکە نێودەولەتیانەش کە زۆربەی بڕیارە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکانی بەدەستەوەیە پسپۆڕی یاسای خۆیانیان هەیە و کۆلێجەکانی یاساش سالانە گۆڕان دێننە سەر پڕۆگرامی خوێندنیان و یاسای نوێش پێیکی لەناو زانستە سیاسی و ئابووریە نوێکانە و ئەویتریشی لەناو فەلسەفی یاسا و ڕەوشتی تازەیە.تەناتەت بێماناش نییە گەر بلێین توێژەرەوەکانیش لەبواری یاسا و ئابووری و سیاسەت لە زانکۆکانی ولاتای جیهانگیری کارەکانیان لە سەر ئەو جۆە تێز و باسانە دەنووسن کە ئابووری و سیاسەت و یاسای نوێ ژیاتی تیاگوزەردەکا. واتە ڕێك بەپێچەوانەی لائێمە.

لائێمە زۆربەی تێزە زانکۆیەکان لەسەر ڕووداو و دیاردە لۆکالیەکانن و بەشێکیشیان وەك هەموو جارێ لەسەر ئەو کێشانەن کە دەکرێ لەژێخانەی دیراساتی ناسیۆنالیزم و کوردناسی پۆلکرێن. پاشان لای ئێمە نە پسپۆری لە تێز باوە و نەش توێژینەوە لە زانکۆدا بووە بە ترادیسیۆن(تەقلید). ئەوی هەیە لای ئێمە جەنگە لەپێنان بوون بە ڕاگر و یان وانە ووتنەوە لەیەکاتدا لەچەند کۆلێجێك بۆ پارە زۆر وەرگرتن هەروەها یان ئەوەیە گەر تۆ

بەکالۆریست هەیە چۆن واکەی لە ماستەرقبوولکرێی یان گەر ماستەرت هەیە ببی بە دکتۆرانت و گەر ئەوەشی چۆن خۆت بۆ پۆست دکتۆرانت ئامادەکەی ئەلبەتە ئێستا مۆدی بوون بە پەرلەمێنتار و سەفیر و وەزیریشە. گەر ئەمەش بێ ناوڕۆکی ئەو ژیانە ئەکادیمییەیە کە لای ئێمە باوکراوە بۆ زانکۆی تایبەت لای ئێمە لەم فۆڕمەی ئێستای نەبێ کە هەیە؟ بۆ زانکۆی تایبەت نەبێ بە بنەکەێ بۆ مامۆستای پارەپەرست و هەلپەرستی سیاسی و هەروەها قووتابی ناهۆشمەند و نیمچەخوێندەوار؟

لەڕاستیدا تەنیا ئەوانە نیین پرسیارە سەرەکیەکان بەلکو دەشێ بیر لەهەندێ پرسیاری دیش بکرێتەوە لەوانە:ئایا هیچ پێوەندیێ لەنێوان وەزارەتەکانی ئەمرۆمان و دونیا ئەکادیمیا هەیە؟ کوا ئەو ڕاوێژکارە ئەکادیمیانەی کە کەسە نەبینراوەکانی پشت سیاسەتمەدار و وەزیرە سیاسیەکانمانن؟ بۆ شتێ هەیە لە دونیای سیاسەتکردنی سەرانی کورد پێیبووترێ پشتبەستن بە ڕاوێژکار و بایەخدان بە ڕاوێژکاری؟ کەسی ڕاوێژکار کە دەشێ لە بوارێ بۆنموونە زانستەسیاسیەکان یان ئابووری و یاخود ئاین و فەلسەفە ....هتد پسپۆڕبێ دەکارێ لە بواری پسپۆڕیەکەی خۆی گەلێ ئامۆژگاری و ڕاوێژکاری پێویست و بەجێ و بەئەزموون بخاتە بەردەست بەلام پێکهاتەی خێزانی سیاسەتکردنی کوردی کە ئێستا گشتبوارەکانیتری گرتۆتەوە لەوانە مێدیا , ڕۆشنبیری و تادەگاتە زۆربەی هەرە زۆری شتە ناسکەکانی تر ئەو شوێنە لەبەردەم ئەم جۆرە پسپۆڕیەدا ناکاتەوە. ئەوەتا ماوەیەکە خوێندنی یاسا بووە بە مۆد. خوێندنی یاسا بۆ پیاوانی سیاسی و بەتەمەنان. زۆربەی ئەوانەش کە گەڕاونەتەوە سەر کورسی خوێندن مەرجی قبوولکردنیان لەو کۆلێجەدا تیابەدیناکرێ بەلام ئەو میراتەمان لە بەعسیەکانەوە بۆماوەتەوە ئەوەش بەوەی کە ئەوانەی بەرپرسی سیاسی و یان کەسایەتی حیزبی و ئیدارین باشترە بڕوانامەێکیان هەبێ لەم حالەتەیشدا بڕوانامە لە یاسا ڕەواترینیانە. من ئەم ڕەفتارە شتێکم بیردەخاتەوە. سەرەتای 1980 کە ئەو کات لە بەشی ئابووری لە بەغدا دەمخوێند ڕژێمی ئەو دەمەی عێراق بەشی یاسای شەوانیان بۆ پیاوانی خۆیان دروستکردبوو, واتە بۆ ئەوانەی لە دەزگا سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیریە پۆلیسیەکان بەرپرس و ڕاوێژکاربوون. ئەوەبوو سالانێ تێپەڕی زۆربەی پیاوانی ڕژێم بەکالۆریۆسییێکیان لە یاسا پێبوو و وێنەشیان لەگشت دایەرەیەکی وەك تاپۆ, تەجنید تادەگاتە پۆلیسخانە و شوێنە داپلۆسێنەرەکان بلاوببوەوە. بەلام ئەو بەکالۆریۆسە نە ئەندێشەی یاسای و ڕروناکبری ئەوانەی گۆڕیبوو نەش ڕەفتاری مرۆییان. بەلام ئێمە چی لەوەوە فێربووین؟ بەبێگومانەوە هیچ. چونکە ئەو گالتەیەی بەعس هەمیشە بە بڕوانامە و ستاتۆسی زانکۆی دەیکرد ئێستا لایئێمە پتر لەوەشدەکرێ.

پاشان هەر سەبارەت بەوی لەسەرەوە باسکرا ئەوەشدەلێین, ئەو بازرگان و سیاسیانەی شار کە لەسەرەوە ئاماژەپێکرا لەتەك بەشێ لە ئەکادیمیکەر و مامۆستایانی زانکۆ (حیزبیەکان) جۆرە دۆستایەتیکیان پێکەوە دروستکردوو کە لەهیچ کۆمەلگەێکی ڕۆژئاوا ڕێکەوتی ناکەی. بەشبەحالی خۆم ئەو هەموو سالە لە دەرەوە لە دو ولاتی جیا لە زانکۆ خوێندوومە نەمدیوە جرتوفت سەرۆك وەزیران خۆیبکا بە زانکۆدا یان سەرۆك وەزیران زوو زوو کۆبوونەوە بە ڕاگرانی بەش و کۆلێجەکانبکا. بەلام ئەمەم لەو ماوەی خوێندنەم لە بەغدا دی و بگرە نەك هەر ئەوە بەلکو زارۆکی سیاسیەکانیشم دەدی کە زوو زوو خۆیان بە نادی قووتابیانی زانکۆ دا دەکرد بەتابەت نادی زانکۆی موستەنسرییە کە نادیێ جیاوازتربوو لە نادی قووتابیانی زانکۆکانیتر. تۆ تەماشا سەرۆك وەزیرانە یەك لەدوای یەکەکانی هەرێمی سلێمانی پایەکی لە کابینێتی سەرۆك وەزیرانە و ئەویتری لە حەرەمی زانکۆی سلێمانیە. یان کامە میوان لە ڕۆژئاواوە دەگاتە سلێمانی دەهێنرێ بۆ زانکۆ و شوێنەجیاکانی زانکۆی نیشاندەدرێ یان قووتابیان ڕیزدەکرێن و بەخێرهاتن لە میوانی ناوبراودەکەن. باشە هۆی ئەمە چییە؟ ئایا هۆیەکە ئەوەیە کە سیاسیانی کورد زۆر دۆستی ژیانی ئەکادیمین و زۆر بەتەنگ مانای ستاتۆسی ئەکادیمیەوەن؟ بەباوەڕی من هۆیەکە ئەوەیە ئەو پەرپرسە سیاسیانە دەیانەوێ بەو بێگانانە بلێن فەرموون تەماشاکەن ئێمە چەند مەدەنین وچەند دەستمان لە بەمەدەنیکردنی کوردا هەیە. ئەمە دیووی دەرەوەی ئەو ڕەفتارە سیاسییەیە بەلام دیووی ناوەوەی ئەوە ئەوەیە کە لەلاێ ئەو سیاسیانە مانا بە دەسەلاتی سیاسیان دەبەخشن و ڕەوایەتی بۆ فەرمانڕەوایەتەکەیان لای ئەو میوانە ڕۆژئاوایانە دەدۆزنەوەو لەلاێتریش دەیانەوێ بەوە یارمەتی و پشتگیری مادی بۆ ئەو جۆرە دامەزراوە مەدەنیانە بەدەستبهێنن کە دواتر هەر دەچێتەوە سەر خەرمانەی سەرمایەنەبینراوەکانەوە. باشە ئەمە کۆلاپسی سیاسی نییە؟ باشە بۆدەبێ مامۆستایانی زانکۆ بەشداری لەم کۆلاپسەدا بکەن؟ ناشێ ئەوەش لەبیرکەین کە گشت مامۆستایانی زانکۆ بەشداری لەم کۆلاپسە سیاسییە ناکەن کە تێگەیشتنی دەسەلاتی سیاسی بەرپرسیارە لە دروستکردنی بەلکو هەندێك لە مامۆستایانی زانکۆ ئەوە دەکەن. ئەو بەشەش کە ئەمە دەکەن لەلاێ مانای سیاسی بۆ ئەم بەشداریکردنەی خۆیان دەبیننەوە کە ئەوەش بەکوردیکردنی ئەو پێوەندیە ناسروشتیەیە کە ئەکادیمیکەر بە سیاسی و بازرگانی شارەوە گرێدەدا لەلاێ دیش ئەو مامۆستایانە ناتوانن ئەمە نەکەن چونکە بەخۆیان دیسانەوە بەرهەمی هەر ئەو دەسەلاتە سیاسیەن؟ ئەی ئەم ئەکادیمیکەرانە ئەو چەند کەسە نەبوون کە بە زەمالەی حیزبی خوێندنیان لەم ولات و ئەولات دەستکەوت.ئەی ئێستاش هەر ئەوانە نین کە بەرپرسی حیزبی کۆلێجەکانن و دەستێ زۆریشیان لە دەرپەڕاندنی ئەو ئەکادیمیکەرە کوردانە هەیە کە لە هەندەرانەوە دەگەڕێنەوە.

ئەو زانینە ئەکادیمیەی لە زانکۆکانی ئەمڕۆی کوردستاندا دەستدەکەوێ نە کارێ وادەکا تۆ لە خەلکی ئاسای و نائەکادیمی جیاکاتەوە و نەش کەسەکان بەو خوێندنە زانکۆییە ئەو کودەتا ئیندڤیدوالیە لەخۆیاندا دروستدەکەن کە پێویستبێ. باشە شار کە هەمووی خەریکی ماستەر خوێندنە ئایا دواتر شیاویی لەبەردەم ئەم ماستەر هەلگرانە بۆ کارکردن لە بواری پسپۆڕی خۆیانا مسۆگەرکراوە؟ یان بەهەمان بڕوانامەوە دواتر ئەو کارەدەکەن کە پێشتر کردویانە؟ ئەمە سکاندالە(ڕیسواییە) و کەس تاشێستا یەك دێڕی لەسەر نەنووسیوە. باشە ئەم هەموو ماستەرنامانە کە زۆربەشیان لە بواری زانستە مرۆییەکانن لەسەر هەمان باسە کۆنە تەپیوەکان نانووسرێن بەلام ئەمجارەیان بە هەندێ گۆڕان لە سەرچاوە و شێوازی ڕەوانبێژی لە نووسین؟ گەر ئەو ماستەرنامانە وەك توێژینەوە ئەنجامدراون بۆ تەنگ بەو نووسینە ڕۆژنامەگەریە بەتال و تێکەلوپێکەلانەهەلناچنن کە بووە بە نوێنەری نووسینی کوردی؟ پێناچێ جیاوازیێ گەورە لەنێوان ئەو ماستەرنامانە و ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامەکانا بلاودەکرێتەوە هەبن. نەك هەر ئەوە بەلکو ئەوەش کە ئەو ماستەر هەلگرانە ناتوانن لەوە بەرزتر بنووسن کە لە ڕاگەیاندنەکانا بلاودەکرێتەوە ئەگەرنا دەبایە ئەو ماستەرنامانە و پاشان دکتۆرانامەکانیش بەرچاوبکەوتنایە. هەر ئەم دیاردەیەش وایکردوە بەرهەمی ڕابەرانی نووسینی تێکەل و بێ مێتۆد ,کە ڕۆژنامە ئەهلی و غەیرە ئەهلیەکانی(گۆڤارەکانیشی) تەنیوەتەوە , لەلاێ ببێ بە سەرچاوە بۆ نووسین و بیرکردنەوە و لەلاێتریش ئەو جۆرە ڕابەرانە کە ڕقیان لە ئەکادیمیکەرە ئەم ڕقە بەووردی پیادەبکەن.

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا بەرەو ئەو پرسیارە دەمبا بلێم: بۆ دەبێ ئێمە لە زانکۆ بخوێنین؟ ئایا ئەمە بۆ ئەوەیە کارێکمان دەستکەوێ یان گۆڕان بخەینە ستاتۆسی کۆمەلایەتیمانەوە؟ وەلامەکە دەشێ بەمشێوەیە بدرێتەوە. بەپێی تێگەیشتنی من و ئەوەی کە لەم سالانەی خوێندنم لە دەرەوەی کوردستان بۆم ڕوونبوەتەوە ئەوەیە کە خوێندن لە زانکۆ بۆ خەلکی ڕۆژئاوایی لەلاێ بۆ ئەوەیە مرۆڤ دواتر بتوانێ بەبێ ترس خۆی فڕێداتە ناو بازاڕی کارەوە کە لە بنەڕەتدا ئەم بازاڕە بازاڕێ بێبەزیوو و دڕە و, لەلاێدیش خوێندن لە زانکۆ و بەتایبەت ئەو ڕیشتەیەی هەلدەبژێردرێ پێوەندیێ زۆری بە ئارەزوو و حەزی کەسەکانیشەوە هەیە. زۆرجاریش ئارەزوو و حەزەکان سەرووی داوا نەبڕاوە و نامیهرەبانەکانی بازاڕدەبێ. بۆنموونە کاتێ کەسێ زمان و ئەدەبی چینی دەخوێنێ تەنیا پێوەندی بەوە نییە کە ئەم کەسە حەز و ئارەزووی لە فێربوونی زمانێ نوێیە و یان دەیەوێ بە کولتوورێ جیاتر لە کولتووری ڕۆژئاوای ئاشنابێ بەلکو زۆر ئاساییە ئەم کەسە بیری لەوەش کردبێتەوە کە ئەم ڕشتەیە لەگەل بوونی چین بەبەشێ لە بازاڕی کاری نێودەولەتی و یان بەهاتنەناوەوەی چین بۆ ناو سێستەمی سیاسی و ئابووری جیهانگیریەوە بێبایەخ نەبێ و گشت ئەوانەش کارێوابکەن کە کەسی ناوبراو کارێ باشتر و مسۆگەرتری دەستکەوێ.بەلام نکولیلەوەشناکرێ کە هەمیشە شیاوی لەبەردەم کەسی ڕۆژئاوای بۆ بەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانی یان بیەوێ خوێندن و فێربوون وەك هەوەس و ئارەزوو تەماشاکا زۆرتە ئەمە و تادەگاتە ئەو سێستەمی کۆرسەوەرزیانەی لە زانکۆکانا پێڕەودەکرێ, بوونی دامەزراو و بانقی دیاریکراو کە پشتگیری لە پرۆژەی توێژینەوە و خویندنی ئیندڤیدوالی دەکەن هەروەها و لەهەمووشی گرینگتر دابڕاوی دامەزراوی زانکۆ لە بڕیاری سیاسی و سەربەخۆی ئەم دامەزراوە لە دەسەلاتی سیاسی هەموو ئەمانەش بەدلنیایەوە مانای خۆیان بۆئەوە هەیە کە کەس بکەوێتە ژێر ڕکێڤی خۆیەوە و نەك ئەویتر.

**پەراوێزەکان:**

1- من ناوی دەنێین نووسینی ئەدەبی بەلام حەیفێ لە ڕۆژنامەکانا ناودەنرێ نووسینی فکری.
سەیرە ئەم دەڕبڕینە لە کوێوەدێ. من بەشبەحالی خۆم لەناو ئەو زمانە بێگانانەی دەیزانم عەرەبی لێدەرچێ ئەم دەڕبڕینەم بەرچاونەکەوتووە.

2- ئەم دەربڕینانە(نووسینی فکری, مەعریفی,زانستی) لەو دەربڕینە ڕۆژانەیانەن کە لە ڕۆژنامە لیبرالەکانا بانگەشەی بۆدەکرێ. من ڕۆژانە لە سوید چاو بە لاپەڕە کولتووریەکانی چەند ڕۆژنامەێ لە ئینتەرنێت دەخشێنم بەلام تائەمڕۆ ئەو دەربڕینانەم بەرچاونەکەوتووە. ئەوەی سەیرە ئەوە نییە کە ئەم دەبرینانە لە ڕۆژنامە بۆ نموونە سویدیەکانا نییە بەلکو ئەوەیە کە ئەو پۆلکردنە لە نووسین ئاوا بە ڕوونی و بە ئاشکرا نە بوونی هەیە و نەش نووسەران و خوێنەران ئاوا بە بەئاسانی پۆلدەکرێن.

azadhama@hotmail.com